کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17-4-2007 21:24بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## خوازیاری مافی پەنابەریتی و ئیقامەین بۆ پەنابەرانێک کە تەمەنێک ژیانیان لەم وڵاتە بەسەر بردووە

لە ڕێککەوتی 2007-02-26 دادگای باڵای کۆچی سویدی ئەوەی ڕاگەیاند کە هیچ کێشەیەک نییە بۆ گەڕانەوە و ناردنەوەی پەنابەرانی کورد بۆ شارەکانی کوردستانی عیراق. بەپێی هەمان بنەما دائیرەی کۆچی سویدی بڕیاری درێژ نەکردنەوەی ئیقامەی یەکسالی بۆ 1400 کەیسی پەنابەرانی کوردی عیراقی جێبەجێکرد. واتە ئەو پەنابەرانەی کە ئیقامەی یەکسالی بوون لە چاوەڕوانی درێژکردنەوەی ئیقامەکەیاندابوون وەڵامی ڕەفزیان پێ درایەوە..
ئەو بڕیارەی دەوڵەتی سوید بڕیارێکی ناعادلانە و نا ئینسانیە، پێشێلی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤە. ئەو بڕیارە بەشێکە لەو هێرشە سەراسەرییەی کە لە سەر ئاستی وڵاتانی ئەوروپی بە دژی پەنابەران و مافەکانی پەنابەران لە ئێستادا ئەنجام ئەدرێ.
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق خوازیاری بەرەسمی ناسینی مافی پەنابەریتی و ئیقامەیە بۆ پەنابەرانێک کە تەمەنێک ژیانیان لەم وڵاتەدا بەسەر بردووە. ئەو پەنابەرانە قوربانیانی شەڕ و نائەمنی کۆمەڵگای عیراقن.
ئێمە ڕاستەوخۆ پشتگیری لە هەوڵ و تێکۆشان و داخوازیە ڕەواکانی پەنابەران ئەکەین لە پێناوی بەدەستهێنانی مافەکانیان. تاکە ڕێگەش بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافانە، تەنها یەکگرتوویی و ڕێکخستنی بە کۆمەڵی نارەزایەتیەکانە.

کۆمیتەی یۆتۆبۆری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق
2007/4/10

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.